# هێندێ زانیاریی، دەربارەی
# « زانکۆی کراوەی ئەکادێمیی لە دانیمارک »

**دوکتۆر حوسێن محەمەد عەزیز**

ئاشکرایە، زانکۆی « کراوە »، شتێکی نوێ نییە و وەنەبێ، ئەمە یەکەمین جاربێ، زانکۆی لەو بابەتە، لە جیهاندا بکرێتەوە. بەڵکوو لە مێژە، لە هێندێ دەوڵەتی جیهاندا، بە ناوی جیاجیاوە، هێندێ زانکۆی لەو بابەتە هەبوون، وەک زانکۆی « موستەنصریی »یە لە « بەغدا »، زانکۆی « ئازاد » لە « بەرلین »، دەرگەکانیان، بۆ ڕۆڵەکانی گەل ئاواڵەکردووە.
زانکۆی « کراوە »ش، وەک هەموو زانکۆکانی دیکەی جیهان، بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی تایبەتیی خۆی هەیە، لە بەر ڕۆشنایی ئەو خاڵانەی لە دەستوورەکەیدا هاتوون، کاردەکا و هەنگاودەنێ!
زانکۆی « کراوە »، وەک زانکۆیەکی « عێراقیی » خۆی دەنوێنێ، لە هەندەران کاردەکا و کەسایەتییەکی تایبەتیی یاسایی و دەستووریی سەربەخۆی خۆی هەیە.
لە سەرتاسەری وولاتانی جیهاندا بە گشتیی، لە دەوڵەتەکانی « ئەورووپا » بە تایبەتیی، پتر لە یەک میلیۆن کوردی هەموو پارچەکانی « کوردستان » دەژین. زۆربەی هەرە زۆریان، لە نیشتمانەکەی خۆیان، بڕوانامەی ئامادەیی، پەیمانگە یا زانکۆیان بەدەسهێناوە. هێندێکیان دەیانەوێ، خوێندنی تایبەتیی خۆیان تەواوکەن. بەڵام، توانای ئەوەیان نییە، لە یەکێ لەو پەیمانگە و زانکۆیانەی، ئەو وولاتانەی لێی دەژین، ئاواتەکانی خۆیان بەدیبێنن. جگە لەوەی لە « کوردستان »یش، بە هەزاران کورد هەن، لەبەر هەر هۆیە بووبێ، توانای ئەوەیان نەبووە، خوێندنی خۆیان تەواوکەن. بۆیە، ئەوڕۆ هەلێکی زێڕینیان بۆ هەڵکەوتووە، تا بتوانن، بە یەکێ لە زمانەکانی ئینگلیزیی، عەرەبیی یا کوردیی بخوێنن و لەو بوارانەی دەیانەوێ، بڕوانامەی تایبەتیی وەرگرن.
لە ڕاستییدا، چەن هۆیەکی تایبەتیی هەن، وایان لە خوێندکارانی کورد کردووە، لە خوێندنگە و زانکۆکانی دەرەوەی وولات نەتوانن، بخوێنن، لەوانەش:

**1**. لەم وولاتانەدا، خوێندن بە پارەیە و هەموو کەسێ، توانای ئەوەی نییە، خەرجیی خوێندن دابینکا.
**2**. هەموو کوردێ، زمانێکی باش نازانێ، بە تایبەتیی، لە قۆناغەکانی خوێندنی ئامادەیی و پەیمانگەکاندا، ئەو زمانە بیانیییانە قورسن و خوێندکاران بە باشیی، لێیان تێ ناگەن.
**3**. زۆربەی پەنابەرە کوردەکان، پتر دەیانەوێ، کاربکەن و پارە پەیداکەن، هەم خۆیان بە شێوەیەکی باشتر بژێن، هەم یارمەتیی کەسەکانیشیان بدەن.
**4**. بابەتەکانی خوێندن، لە زانکۆکانی دەرەوەی وولات، زۆر خۆیان، لە قەرەی تایبەتمەندێتیی کۆمەڵی کوردەواریی نادەن.

لەبەرئەوە، هێندێ خوێندکار هەن، دەیانەوێ، لە سەر گرفتی نەتەوەیی و ڕامیاریی کورد، وێژەی کوردیی، مێژووی کورد، جوگرافیا، باری کۆمەڵایەتیی و ئابووریی « کوردستان » بخوێنن و بڕوانامە، لەو باسە گرنگانەدا وەرگرن.
لەبەرئەوە، کۆمەڵێ پسپۆڕی کورد و عەرەب، بیریان لەوە کردەوە، زانکۆیەکی تایبەتیی، بۆ ڕۆڵەکانی گەلانی « عێراق » دامەزرێنن، تا هەموو ئەو کەسانەی دەیانەوێ، خوێندنی خۆیان تەواوکەن، ئامانجەکانیان بپێکن.
کەواتە: مەبەستی سەرەکیی، لە کردنەوەی زانکۆی « کراوە » چییە؟! هەڵبەتە، مەبەستەکە پتر خۆی لەوەدا دەبینێ: هەر کەسێ بیەوێ، بێ ئەوەی گوێ بە تەمەن بدرێ، پەرە بە ئاستی زانستیی خۆی بدا و بخوێنێ، دەتوانێ، وەک خوێندکارێکی زانکۆکانی دیکەی « عێراق »، لە خوێندن دوا نەکەوێ و بڕوانامەی خۆی بەدەسبێنێ. بەڵام، جیاوازیی نێوانیان ئەوەیە: لە زانکۆی « کراوە »، خوێندکارەکان، ئامادەی وانەکان نابن و لە پۆلدا دانانیشن، بەڵکوو، هەر کەسێ لە شوێنی خۆیەوە و لە دوورەوە، بە شێوەی نامەگۆڕینەوە و هێندێ جاریش ئامادەبوون، کارەکانی خۆی جێبەجێدەکا!
ئەمەش، بەوە دەبێ، هەم زانکۆی « کراوە »، هێندێ پەرتووک و پێویستییەکانی خوێندن، بۆ خوێندکارەکان دابیندەکا. هەم خۆشیان، بە دوای سەرچاوەی زانستیی و وێژەیی تایبەتییدا دەگەڕێن. واتە: لە یەک کاتدا، پەرتووک ڕۆڵی مامۆستا و پەرتووکخانە دەبینێ! لە هەمان کاتیشدا، زانکۆ دەتوانێ، هێندێ لە وانەکان، لە سەر کاسێت و سیدی، بە دەنگ و ڕەنگەوە، تۆمارکا و بە سەر خوێندکاراندا دابەشیکا.

جگە لەوەی، مامۆستاکان گوتار دەنووسن و هێندێ زانیاریی تایبەتییش، لە سایتی زانکۆدا بڵاودەکەنەوە، تا خوێندکارەکان کەڵکی لێ وەرگرن. لە کۆتایی ساڵیشدا، خوێندکارەکان لە تاقیکردنەوەی تایبەتییدا ئامادەدەبن، چ بە دەمیی و چ بە نووسین، تاقیکردنەوەکان پێشکەشدەکەن. هەروەها، پێش تاقیکردنەوەکان، مامۆستاکان هێندێ وانەی تایبەتیی دەڵێنەوە، ئەو خوێندکارانەی دەتوانن، ئامادەبن و دەیانەوێ، زانیاریی پتریان دەسکەوێ و کەڵکوەرگرن، ئەوا دەتوانن، پێشەکیی پێوەندیی بە زانکۆوە بکەن، تا ڕێوشوێنیان بۆ دیارییکەن و ئامادەبن. بەڵام، هەرچی چۆنێبێ، بۆ ئەوەی زانکۆ، هەموو ئەم شتانە جێبەجێبکا، کارەکانی خۆی، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و بە باشیی بەڕێوەبرۆا، پێویستی بە ئامێری تایبەتیی هەیە، لە نێو زانکۆدا هەیبێ.
ئەم زانکۆیە، پێویستی بە جێی خوێندن، بەشی نێوخۆیی خوێندکاران و خانووبەرە نییە، وەک لە زانکۆکانی دیکەدا هەیە. بەڵکوو، تەنیا خانوویەکی دەوێ، هێندێ کادێری ئەکادیمیی و کارگێڕیی، کاری تێدا بکەن و ئیشەکانی زانکۆی تێدا ڕاپەڕێنن. هەر کاتێکیش، زانکۆ پێویستی بەوەبوو، وانەی تایبەتیی، بە خوێندکارەکان بڵێنەوە، ئەوا، لەگەڵ زانکۆی « دانیمارک » ڕێککەوتوون، تا یارمەتییانبدەن و هۆڵی وانەگووتنەوەیان بۆ دابینکەن.
ئەو مامۆستایانەی کار لە زانکۆ دەکەن، یەکەمین ساڵ، پاداشتی تایبەتیی وەردەگرن، دوای ئەوەی کارەکانیان، بە باشیی جێبەجێدەکەن و لە لایەن ئەنجوومەنی زانکۆوە هەڵدەسەنگێنرێ. بەڵام، لە دووەمین ساڵەوە، بەپێی کاژێری کارکردن، مووچەی تایبەتیی خۆیان بۆ دیارییدەکرێ.
زۆربەی مامۆستاکان، خەڵکی « عێراق »ن و هێندێکیان بڕوانامەی ماستەر و هێندێکی دیکەشیان، بڕوانامەی دوکتۆرایان هەیە. جگە لەوەی، پلەی زانستیی بەرزیان بەدەسهێناوە، ئەزموونێکی درێژی باشیشیان، لە وانەگوتنەوە و کارکردنی نێو زانکۆدا هەیە. تا ئێستەش، نزیکەی « **50** » کادێری ئەکادیمیی ماستەر و دوکتۆرا، کار لە زانکۆدا دەکەن.
ئەنجوومەنی زانکۆ، لە سەرۆک، دوو یاریدەدەری سەرۆک و چەن سەرۆک بەشێ پێکهاتووە. تا ئێستە، سیازدە بەشی جیاجیای زانستی مرۆیی و وێژەیی کراوەتەوە. پتر لە « **150** » خوێندکار، بە نامە و ئیمێڵ، پێوەندییان بە سەرۆکایەتیی زانکۆوە کردووە و ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە، ناوی خۆیان تۆمارکەن و بخوێنن. بەڵام ئەم ساڵ، تەنیا هەر « **54** » خوێندکاری بەکەلۆریۆس و « **12** » خوێندکاری خوێندنی باڵایان وەرگرتووە و ئێستە دەخوێنن.
زانکۆی « کراوە »، قۆناغەکانی خوێندنی بەکەلۆریۆس، ماستەر و دوکتۆرای هەیە. زانکۆ هەوڵدەدا، « یەکێتی زانکۆکانی عەرەب » دانی پێدابنێ، تا باوەڕ بە بڕوانامەی خوێندکارەکان بکەن. ئەم زانکۆیە، لە لایەن دەزگەی « یۆنێسێف »ەوە، دانی پێدا نراوە. هەروەها، نوێنەری تایبەتیی خۆی، لە هێندێ زانکۆی دەوڵەتەکانی عەرەبدا هەیە.
هەموو ساڵێ، لە مانگی سێپتێمبەرەوە، خوێندن دەسپێدەکا. هەروەها، پۆستی ئەلیکترۆنییش، لە « **2005 .03 .20** » کراوەتەوە و گەر یەکێ بیەوێ، پێوەندییبکا، دەتوانێ، بەم ناونیشانە پێوەندیی بە زانکۆوە بکا:
www.ao-university.org
ئەوانەی دەیانەوێ، لە زانکۆی « کراوە »، قۆناغی بەکەلۆریۆس بخوێنن، دەبێ، بڕوانامەی ئامادەیی باوەڕپێکراویان هەبێ، پلەکانی تێدابێ و مۆریشکرابێ. بەڵام، ئەوانەی دەیانەوێ، خوێندنی باڵا تەواوکەن، ئەوا بۆ ماستەر دەبێ، بڕوانامەی بەکەلۆریۆس، بۆ قۆناغی دوکتۆراش، بڕوانامەی ماستەری باوەڕپێکراویان هەبێ.
هەموو خوێندکارێ دەتوانێ، لە سەر تەرخانی تایبەتیی خۆی بەردەوامبێ، یا تەرخانێکی دیکەی، نزیک لە تەرخانە تایبەتیکەی خۆی هەڵبژێرێ. خوێندنی زانکۆ، بەگوێرەی سیستێمی کۆرسات بەڕێوەدەچێ. یەکەمین کۆرسی خوێندنی پاییزە، هەموو ساڵێ، لە « **09 .01** » دەسپێدەکا و لە مانگی یەکدا کۆتاییدێ. هەروەها، کۆرسی خوێندنی بەهارەش، لە « **02 .01** »ەوە دەسپێدەکا و لە « **06 .30** » تەواودەبێ.
هەموو قۆناغەکانی خوێندنیش، لە زانکۆی « کراوە »، هەر وەک قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆکانی دیکەی جیهان وایە، کرێی تایبەتیی خۆی، بەم شێوەیە بۆ دانراوە:

یەک سمیستەری قۆناغی خوێندنی بەکەلۆریۆس: **550 D.**

یەک سمیستەری قۆناغی خوێندنی ماستەر: **750 D.**

یەک سمیستەری قۆناغی خوێندنی دوکتۆرا: **1500 D.**

هەموو قۆناغەکانی خوێندنیش، یەکەی تایبەتیی خۆیان بۆ دانراوە. لەبەرئەوە، هەموو خوێندکارێ دەزانێ، لە سمیستەرێکدا، چەن کاژێر پێویستە بخوێنێ و ئەمەش، بەپێی خشتەیەکی ڕێکوپێک، لە سایتی زانکۆدا بڵاوکراوەتەوە. هەروەها، کاتی تاقیکردنەوەکانیش دیارییکراوە، پلەی زانستیی تاقیکردنەوەکانیش، لە نێوان « **0 - 100** »دا دادەنرێ. لەبەرئەوە، خوێندکارانی قۆناغی بەکەلۆریۆس نابێ، لە « **50** » پلە کەمتر و لە قۆناغی خوێندنی باڵاش نابێ، لە « **60** » پلە کەمتر بێنن!
لە ڕاستییدا، ئەز وا هەستدەکەم، کردنەوەی ئەم زانکۆیە بە گشتیی و بۆ خوێندکارانی کورد بە تایبەتیی، وەک مژدەیەکی خۆش وایە، هەلێکی زۆر گەورەیە و بە هیچ شێوەیە نابێ، لەکیس خۆیانی بدەن. چونکە، لە هەر جێیە بن، لە ڕێی ئینتەرنێتەوە دەتوانن، پەرە بە خوێندنی ئەکادیمیی خۆیان بدەن، بە تایبەتیی، بۆ ئەو خوێندکارە کوردانەی دەیانەوێ، خوێندنی خۆیان تەواوکەن و تا ئێستە، لە بەر هەر هۆیە بووبێ، نەیانتوانیوە، بڕوانامەی بەرز، لە تەرخانی تایبەتیی خۆیاندا وەرگرن. لە هەمان کاتیشدا، کاربکەن و خۆشیان بژێنن.

ئەن، لەگەڵ چەن مامۆستایەکی کورددا، نیازمان وایە، بەشێکی کوردیی بکەینەوە، چەن بابەتێکی تایبەتیی تێدا بخوێنرێ، بە مەرجێ، لەگەڵ پێداویستییەکانی ژیانی ئەم قۆناغە نوێیەی کۆمەڵی کورد و ڕەوشی ڕامیاریی و ئابووریی « کوردستان »دا بگونجێ، هەوڵبدەین، سەرەتا، پتر لە بواری « وێژە، مێژوو، جوگرافیا، جیۆپۆلیتیک »دا کاربکەین. هەڵبەتە، زمانی فەرمیی خوێندنیش، کوردیی دەبێ، یا هەر خوێندکارێ ویستی، بە عەرەبیی بخوێنێ، ئەوەیان بۆ خۆی دەگەڕێتەوە!
بۆیە، هەر لێرەوە، ڕووی دەمی هاوکاریی و یارمەتیی، لە لێپرسراوانی کورد بە گشتیی، سەرۆکایەتیی زانکۆ و دەسەڵاتی میریی هەرێمی « کوردستان »ی فیدراڵیش بە تایبەتیی دەکەم، یارمەتیی زانکۆ بدەن و پشتگیریی لێ بکەن.

بۆ زانیاریی پتر، لە زانکۆی « کراوە »، تا ئێستە، سێ کۆلێژی وەک: « الاداره و الاقتصاد، القانون و السیاسه، الاداب و التربیه »، سیازدە بەشیش کراوەتەوە و ئەمانەن:

01. اداره اعمال ـ Business Administration
02. اقتصاد و اداره مالیه و مصرفیه ـ Economics
03. محاسبه ـ Accounting
04. المواد العامه ـ Banking and Financial Administration
05. قانون ـ Law
06. علوم سیاسیه ـ Political Science
07. اعلام و اتصال ـ Mass media
08. علم الاجتماع ـ Sociology
09. تربیه ـ Education
10. علم النفس ـ Psychology
11. الادب المسرحی ـ Theatre and Drama studies
12. علوم اللغه العربیه و ادابها ـ The Arabic language and Literature
13. اللغه الانگلیزیه ـ The English language and Literature

* * *

**تێبینی:**
1. لە ڕاستییدا، سەرەتا ناوی زانکۆکە بەم شێوەیە بوو:
الجامعه العربیه المفتوحه فی الدانمارک ـ The Arabic Open University in Denmark
بەڵام، لەگەڵ دوکتۆر « صەباح مەجید قەدووریی »، لە شاری « ستۆکهۆڵم »، پێکەوە دانیشتین، دەمەتەقێمان لە سەر ناوی زانکۆکە کرد. پاشان، هەر دووکمان لە سەر ئەوە ڕێککەوتین، ناوەکەی بگۆڕرێ و بەم شێوەیە بێ:
الجامعه الاکادیمیه المفتوحه فی الدانمارک ـ The Open Academy University in Denmark
2. سەرەتای مانگی ئۆگەست بوو، سەرۆکی زانکۆی کراوە، پرۆفیسۆر دوکتۆر « وەلید ناجی ئەلحیالیی »، بە تێلیفۆن پێوەندیی پێوەکردم و یەکدیمان ناسی. زۆر بە خۆشییەوە، ڕەزامەندیی خۆی پیشاندا، هاوکاریی تەواو، لەگەڵ هەموو زانکۆکانی « کوردستان »دا بکا. هەروەها، دەسەڵاتی تەواوی دامێ، تا لە « کوردستان »، وەک نوێنەری زانکۆ هەوڵبدەم، چەن کادیرێکی پسپۆڕ و شارەزا کۆکەمەوە و بەشی کوردیی بکەینەوە.